لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# 14-بەشی هاوسەرگیریی

## (1) هاندان بۆ هاوسەرگیریی

785ـ عَنْ عَلْقَمَةَ ( t ) قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بِمِنًى فَلَقِيَهُ عُثْمَانُ ( t )، فَقَامَ مَعَهُ يُحَدِّثُهُ، فَقَالَ لَهُ عُثْمَانُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَلَا نُزَوِّجُكَ جَارِيَةً شَابَّةً؟ لَعَلَّهَا تُذَكِّرُكَ بَعْضَ مَا مَضَى مِنْ زَمَانِكَ. قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَئِنْ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)).[ بخاری/ النكاح / 4778 ]

علقمە ( t ) دەڵێ: لەگەڵ عبدالله دا لە (مینا)دەگەڕاین، (لقمان)ی ( t ) پێگەیشت، دەستیان كرد بە گفتوگۆ، عثمان پێی وت: ئەیٚ عبدالرحمن بۆچی كچێكی گەنجت بۆ نەهێنین، سا بەڵكو ئەو ڕۆژگارانەت بهێنێتەوە یاد كە لە دەستت چوون؟ عبدالله وتی: ئەگەر تۆ ئەوە بڵێیت، پێغەمبەر ( e ) پێی فەرمووین: ((هەر كەس لە ئێوە توانای هەیە، با ژن بهێنێت، چونكە ژن هێنان باشترین هۆكارە بۆ چاوپارێزی و داوێن پارێزی، هەر كەسێكیش ناتوانیٚ با ڕۆژوو بگرێت، چونكە بۆی دەبێتە قەڵغان)).

786ـ عَنْ أَنَسٍ ( t ): أَنَّ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ( e ) سَأَلُوا أَزْوَاجَ النَّبِيِّ ( e ) عَنْ عَمَلِهِ فِي السِّرِّ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا آكُلُ اللَّحْمَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَنَامُ عَلَى فِرَاشٍ. فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا بَالُ أَقْوَامٍ قَالُوا كَذَا وَكَذَا؟ لَكِنِّي أُصَلِّي وَأَنَامُ، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي)).﴿ بخاری/ النكاح / 4786 ﴾

(أنس)( t ) دەڵێ: هەندیٚ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ( e ) لە بارەی كاری پەنامەكی پێغەمبەرەوە ( e ) پرسیاریان لە هاوسەرەكانی كرد: یەكێكیان وتی: ئیدی من ژن ناهێنم، یەكێكی تریان وتی: منیش گۆشت ناخۆم، یەكێكی تریشیان وتی: منیش لە مەودوا لەسەرجێگە ناخەوم، [پێغەمبەر ( e ) ئەمەی بیستەوە] لە وەڵامیاندا سوپاس و ستایشی خوای كرد و فەرمووی: ((ئەوە

چیە هەندێ کەس وا دەڵێن و وادەڵێن؟ بەڵام من نوێژ دەکەم و دەشخەوم و ڕۆژو دەگرم و [هەندێ ڕۆژیش] دەیشکێنم، ژنیش دەهێنم، هەر کەسێکیش پشت لە سوونەتی من بکات لە من نیە، [واتە ڕێگەی منی بەتەواوی نەگرتووە].

787ـ عن سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ ( t ) قال: أَرَادَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ –( t )– أَنْ يَتَبَتَّلَ، فَنَهَاهُ رَسُولُ اللَّهِ ( e )، وَلَوْ أَجَازَ لَهُ ذَلِكَ لَاخْتَصَيْنَا.[ بخاری / النكاح/ 4786]

(سعدی کوڕی أبی وقاص) ( t ) دەڵێ: (عثمانی کوڕی مظعون)( t ) ویستی واز لە ژن هێنان بهێنێ، پێغەمبەر ( e ) ڕێگەی پێنەدا، خۆ ئەگەر ڕێگەی بەو بدایە، ئێمەش خۆمان دەخەساند.

788ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) قَالَ: ((الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ)).

(عبداللە ی کوڕی عمرو) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرمویەتی: ((دنیا خێرو خۆشیە، چاکترین خێر و خۆشی دنیاش ئافرەتیچاکە)).

## ( 3 ) خواستنی ئافرەتی دیندار

789ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) قَالَ: ((تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ)). [بخاري/ النكاح/ 4802]

(أبو هريرە) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ ماڵ و سامانەکەی، یان لەبەر بنەماڵەکەی، یان لەبەر جوانیەکەی، یان لەبەر دیندارییەکەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە، تا دەست پڕ بەرەکەت بیت)).

790ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ( t ): أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ هَلَكَ وَتَرَكَ تِسْعَ بَنَاتٍ –أَوْ قَالَ: سَبْعَ [بنات]- فَتَزَوَّجْتُ امْرَأَةً ثَيِّبًا، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((يَا جَابِرُ تَزَوَّجْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ: ((فَبِكْرٌ أَمْ ثَيِّبٌ)). قَالَ: قُلْتُ: بَلْ ثَيِّبٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَهَلَّا جَارِيَةً تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُكَ، أَوْ قَالَ: تُضَاحِكُهَا وَتُضَاحِكُكَ)). قَالَ: قُلْتُ لَهُ: إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ هَلَكَ وَتَرَكَ تِسْعَ بَنَاتٍ –أَوْ: سَبْعَ [بنات]- وَإِنِّي كَرِهْتُ أَنْ آتِيَهُنَّ –أَوْ: أَجِيئَهُنَّ– بِمِثْلِهِنَّ، فَأَحْبَبْتُ أَنْ أَجِيءَ بِامْرَأَةٍ تَقُومُ عَلَيْهِنَّ وَتُصْلِحُهُنَّ. قَالَ: ((فَبَارَكَ اللَّهُ لَكَ)). أَوْ: قَالَ لِي خَيْرًا. [بخاري/ النفقات/ 5052]

(جابری کوڕی عبدالله) ( t ) دەڵێ: (عبدالله)ی باوکم مرد و نۆ کچی لەدوا بەجێما، یان حەوت کچ، منیش بێوەژنێکم مارە کرد، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی پێم: ((ئەرێ جابر ژنت هێنا؟)) وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((کچە یان بێوەژن؟)) وتم: بێوە ژنە، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: (( ئەی نەدەکرا کچێك بێت گەمەی لەگەڵدا بکەیت و گەمەت لەگەڵ بکات؟)) یان فەرمووی: ((لەگەڵت پێکەنی و لەگەڵی پیکەنیت؟)) عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) (عبدالله)ی باوکم مردوو نۆ کچی لەدوا بەجێماوە –یان حەوت کچ–، منیش پێم ناخۆشبوو کچێکی وەك خۆیان بهێنمە لایان، حەزم کرد ژنێك بهێنم سەروکاری و پەروەردەیان بکات. فەرمووی: ((خوا بەرەکەت برژێنێ بەسەرتا)). یان دوعایەکی خێری بۆ کردم.

## ( 5 ) کەس خوازبێنی بەسەر خەوازبێنی براکەیدا نەکات

791ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ ابْنِ شِمَاسَةَ: أَنَّهُ سَمِعَ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ ( t ) عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) قَالَ: ((الْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ، فَلَا يَحِلُّ لِلْمُؤْمِنِ أَنْ يَبْتَاعَ عَلَى بَيْعِ أَخِيهِ، وَلَا يَخْطُبَ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَذَرَ)).

(عبدالرحمنی کو شماسە) دەڵێ: کە گوێی لە ( عقبە) بووە لەسەر مینبەر وتویەتی:پێغەمبەر( e ) فەرموویەتی: ((ئیماندار برای ئیماندارە، حەڵاڵ نیە بۆ ئیماندار مامەڵە بەسەر خوازبێنی براکەیدا بکات، هەتا ئەو واز دەهێنێت)).

## ( 6 ) سەیرکردنی ئەو ئافرەتەی مارە دەکرێت

792ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ( e ) فَقَالَ: إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ( e ): ((هَلْ نَظَرْتَ إِلَيْهَا؟ فَإِنَّ فِي عُيُونِ الْأَنْصَارِ شَيْئًا)). قَالَ: قَدْ نَظَرْتُ إِلَيْهَا، قَالَ: ((عَلَى كَمْ تَزَوَّجْتَهَا)). قَالَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ( e ): ((عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ؟ كَأَنَّمَا تَنْحِتُونَ الْفِضَّةَ مِنْ عُرْضِ هَذَا الْجَبَلِ. مَا عِنْدَنَا مَا نُعْطِيكَ، وَلَكِنْ عَسَى أَنْ نَبْعَثَكَ فِي بَعْثٍ تُصِيبُ مِنْهُ)). قَالَ: فَبَعَثَ بَعْثًا إِلَى بَنِي عَبْسٍ، بَعَثَ ذَلِكَ الرَّجُلَ فِيهِمْ.

(أبو هريره) ( t ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ( e ) وتی: من ژنە ئەنصارێکم مارە بڕیوە، پێغەمبەر ( e ) پێی فەرموو: ((ئایا بینیوتە؟! چونکە چاوی ئەنصاریەکان شتێکی تێدایە)). وتی: سەیرم کردووە، فەرموی: ((لەسەر چەند مارەت بڕیوە؟)) وتی: لەسەر چوار هۆقە. پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((لەسەر چوار هۆقە؟! دەڵێی لەو شاخە زیودادەتاشن، ئێمە هیچی ئەو تۆمان

نیــە پێــت بــدەین، بــەڵام بــەڵکو لەگــەڵ لەشــکرێکدا بتنێــرین و شــتێکت دەستکەوێت)). أبو هريرە دەڵێ: دواتر کاتێ لەشکرێکی نارد بۆ تیرەی (بنی عبس) ئەم پیاوەشی لەگەڵ ناردن.

## ( 7 ) مۆڵەت خواستن لە بێوەژن و کچ

793- عن أَبي هُرَيْرَةَ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه ( e ) قَالَ: ((لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ: وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: ((أَنْ تَسْكُتَ)). [بخاري/ النكاح/ 4843]

(أبو هريرە) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرمویەتی: ((بێوەژن مارە ناکرێت هــەتا قەســەی لــەدەم وەرنــەگیرێت، کــچیش مارەناکرێــت هــەتا مۆڵــەتی لێوەرنــەگیرێت)) وتیــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ( e ) مۆڵــەت وەرگــرتن لــە کــچ چۆنە؟ فەرموی: ((ئەوەیە کە بێدەنگ بێت)).

794- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) قَالَ: ((الْأَيِّمُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا، وَالْبِكْرُ تُسْتَأْذَنُ فِي نَفْسِهَا، وَإِذْنُهَا صُمَاتُهَا)).

(أبن عباس)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((بێوەژن خۆی مافی زیاترە لەسەرپەرشتیارەکەی، کچیش مۆڵەتی لێوەردەگیرێت دەربارەی خۆی، مۆڵەتەکەشی بێدەنگ بونیەتی)).

## ( 8 ) ئەو مەرجانەی سەرجێیی پێ حەڵاڵ دەکرێت

795- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِنَّ أَحَقَّ الشَّرْطِ أَنْ يُوفَى بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ)). [بخاري/ الشروط/ 2527]

(عقبــەی کــوڕی عــامر) ( t ) دەڵــێ: پێغەمبــەر ( e ) فەرموویــەتی: ((لــە پێــشترین مــەرجێك کــە پێویــست بێــت وەفــای پێبکرێــت ئــەو مەرجانەیــە کــە سەرجێییپێ حەڵاڵ دەکرێ)). [وەك: مارەیی و نەفەقە و ڕەوشت چاکی لەگەڵ هاوسەر و... هتد].

## ( 9 ) سڕینەوەی کاتیی و حەرامکردنی ژنهێنانی کاتی

796- عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) نَهَى عَنْ مُتْعَةِ النِّسَاءِ يَوْمَ خَيْبَرَ، وَعَنْ أَكْلِ لُحُومِ الْحُمُرِ الْإِنْسِيَّةِ. [بخاري/ المغازي/ 3979]

(علـی کـوڕی أبـو طالـب)( t ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ( e ) ڕۆژی غـەزای (خەیبەر) ژنهێنانی کاتی و خواردنی گۆشتیگوێدرێژی ماڵی حەرام کرد.

797ـ عن سَبْرَةَ الْجُهَنِيُّ ( t ): أَنَّهُ كَانَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ( e )، فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنِّي قَدْ كُنْتُ أَذِنْتُ لَكُمْ فِي الِاسْتِمْتَاعِ مِنَ النِّسَاءِ، وَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهُ، وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا)).

(سبرە)ی (جهنی)( t ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا بووم ( e ) کە فەرمووی خەڵکینە، من پێشتر ڕێگەی ژنهێنانی کاتیم بە ئێوە دابوو، لەڕاستیدا [لەئێستە بەدواوە] خوای گەورە تاڕۆژیقیامەت حەرامی کردووە، هەر کەسێ ژنێ لەوانەی لایە بادەست بەرداری ببێت و هەرچیتان پێداون لێیان مەسێننەوە.

798ـ عَنْ نُبَيْهِ بْنِ وَهْبٍ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ أَرَادَ أَنْ يُزَوِّجَ طَلْحَةَ بْنَ عُمَرَ بِنْتَ شَيْبَةَ بْنِ جُبَيْرٍ، فَأَرْسَلَ إِلَى أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ يَحْضُرُ ذَلِكَ، وَهُوَ أَمِيرُ الْحَجِّ، فَقَالَ أَبَانُ: سَمِعْتُ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ ( t ) يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((لَا يَنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلَا يُنْكَحُ، وَلَا يَخْطُبُ)).

(نبیە)ی کوڕی (وهب) ( t ) دەڵێ: (عمر)ی کوڕی (عبیداللە) ویستی کچەکەی (شیبەی کوڕی جبیر) مارە بکات لە (طلحةی کوڕی عمر)، ناردیشی بە شوێن (أبان ی کوڕی عثمان)دا کەمیری حەج بوو، ئامادەی ئەو بۆنەیە بێت، (ابان) وتی: بیستومە لە (عثمان ی کوڕی عفان) ( t ) دەیوت: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرموویەتی: ئیحرامپۆش ژن مارە ناکات بۆخۆی، مارەیشی نابڕێ لەکەس، خوازبێنیش ناکات.

799ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ [( t )] أَنَّهُ قَالَ: تَزَوَّجَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) مَيْمُونَةَ وَهُوَ مُحْرِمٌ. [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ 1740]

(أبن عباس)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) (میمونە)ی مارە کرد لەکاتێکدا ئیحرامی لەبەردا بوو.

800ـ عَنْ يَزِيدَ بْنِ الْأَصَمِّ ( t ) قَالَ: حَدَّثَتْنِي مَيْمُونَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ ( y ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) تَزَوَّجَهَا وَهُوَ حَلَالٌ، قَالَ: وَكَانَتْ خَالَتِي وَخَالَةَ ابْنِ عَبَّاسٍ.

(یزیدی کوڕی أصم)دەڵێ: (میمونە)ی کچی (حارث) پێی وتم: کاتێ کە پێغەمبەر ( e ) مارەی کردووە لە ئیحرامدا نەبووە[!] جا (میمونە) پوری من و (ابن عباس) یش بوو.

---

[!] لێرەدا حساب بۆ قسەکەی مەیمونە دەکرێ، چونکە باسی خۆیەتی

## (10) کۆکردنەوەی هاوسەر لەگەڵ پورەکەیدا حەرامە

801ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) نَهَى عَنْ أَرْبَعِ نِسْوَةٍ أَنْ يُجْمَعَ بَيْنَهُنَّ: الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَالْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا. [بخاري/ النكاح/ 4820]

(أبو هريره) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) ڕێگری کردووە لە کۆکردنەوەی ژن و پورەکەی ئیتر خوشکی دایکی بێت یان باوکی.

## (11) مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ( e )

802ـ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ ابْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّهُ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ ( y ) زَوْجَ النَّبِيِّ ( e ): كَمْ كَانَ صَدَاقُ رَسُولِ اللَّهِ ( e )؟ قَالَتْ: كَانَ صَدَاقُهُ لِأَزْوَاجِهِ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ أُوقِيَّةً وَنَشًّا، قَالَتْ: أَتَدْرِي مَا النَّشُّ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا. قَالَتْ: نِصْفُ أُوقِيَّةٍ، فَتِلْكَ خَمْسُ مِائَةِ دِرْهَمٍ، فَهَذَا صَدَاقُ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) لِأَزْوَاجِهِ.

(أبوسلمة ی کوڕی عبدالرحمن) ( t ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە (عائشة)( y ) ی هاوسەری پێغەمبەر ( e ): ئایا مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر چەند بوو؟ (عائشة)( t ) وتی: دوانزە (أقية)و نیو بوو. کە نیو ئۆقیەکە پێنج سەد درهەم زیو، ئەوە مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ( e ) بوو.

## (12) مارەبڕین لەسەر گۆیەکی ئاڵتون

803ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ( t ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) رَأَى عَلَى عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ ( t ) أَثَرَ صُفْرَةٍ. فَقَالَ: ((مَا هَذَا). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً عَلَى وَزْنِ نَوَاةٍ مِنْ ذَهَبٍ، قَالَ: ((فَبَارَكَ اللَّهُ لَكَ أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ)). [بخاري/ النكاح/ 4860]

(أنس ی کوڕی مالك) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) ڕەنگی زەردی (زەعفەران) و بۆنی خۆشی بە (عبدالرحمن ی کوڕی عوف)ەوە بینی، فەرموی: ((ئەمە چی‌یە؟)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ژنێکم لەسەر گۆیەکی ئاڵتون مارە کردووە، پێغەمبەر ( e ) فەرموی: ((خوالێت پیرۆز بکات، کەواتە خواردن بکە بابە تاکە مەڕێکیش بێت)).

## (13) مارە بڕین لەسەر فێرکردنی قورئان

804ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ ( t ) قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e )، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ جِئْتُ أَهَبُ لَكَ نَفْسِي، فَنَظَرَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ ( e ) فَصَعَّدَ النَّظَرَ فِيهَا وَصَوَّبَهُ، ثُمَّ طَأْطَأَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) رَأْسَهُ. فَلَمَّا رَأَتِ الْمَرْأَةُ أَنَّهُ لَمْ يَقْضِ فِيهَا شَيْئًا جَلَسَتْ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ لَمْ

يَكُنْ لَكَ بِهَا حَاجَةٌ فَزَوِّجْنِيهَا. فَقَالَ: ((فَهَلْ عِنْدَكَ مِنْ شَيْءٍ)). فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((اذْهَبْ إِلَى أَهْلِكَ فَانْظُرْ هَلْ تَجِدُ شَيْئًا)). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ مَا وَجَدْتُ شَيْئًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (e): ((انْظُرْ وَلَوْ خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ)). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ [يَا رَسُولَ اللَّهِ] وَلَا خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ، وَلَكِنْ هَذَا إِزَارِي –قَالَ سَهْلٌ: مَا لَهُ رِدَاءٌ– فَلَهَا نِصْفُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (e): ((مَا تَصْنَعُ بِإِزَارِكَ؟ إِنْ لَبِسْتَهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْهَا مِنْهُ شَيْءٌ، وَإِنْ لَبِسَتْهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْكَ مِنْهُ شَيْءٌ)). فَجَلَسَ الرَّجُلُ حَتَّى إِذَا طَالَ مَجْلِسُهُ قَامَ، فَرَآهُ رَسُولُ اللَّهِ (e) مُوَلِّيًا، فَأَمَرَ بِهِ فَدُعِيَ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: ((مَاذَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ)). قَالَ: مَعِي سُورَةُ كَذَا وَسُورَةُ كَذَا، عَدَّدَهَا فَقَالَ: ((تَقْرَؤُهُنَّ عَنْ ظَهْرِ قَلْبِكَ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((اذْهَبْ فَقَدْ مُلِّكْتَهَا بِمَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ 4742]

(سهل ی کوڕی سعدی ساعدی)( t ) دەڵێ: ژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (e)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هاتووم خۆمت پێشکەش بکەم، پێغەمبەری خوا (e) سەیری کرد و باش ورد بووەوە، پاشان سەری داخست، کە ژنەکە بینی پێغەمبەر (e) شتێکی لەبارەیەوە نەفەرموو، دانیشت، یەکێك لە هاوەڵەکانی هەستا و، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر تۆ داخوازی نیت بۆ منی مارە بکە فەرمووی: ((ئایا هیچت هەیە بیکەیت بە مارەیی؟)) وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەر، فەرمووی: ((بڕۆ ماڵەوە بزانە هیچت دەست دەکەوێت؟)). ڕۆیشت و هاتەوە، وتی: نەبەخوا هیچم دەست نەکەوت. پێغەمبەر (e) فەرمووی: ((هەوڵ بدە با ئەڵقەیەکی ئاسنیش بێت))، کابرا چوو هاتەوە. وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەر، ئەڵقەیەکی ئاسنیشم دەست نەکەوت. بەڵام ئەوە پۆشاکەکەمە هەر باشە [نیوەی بۆ ئەو] سهیل وتی: ئەو پیاوە پۆشاکی تری نىیە پێغەمبەر (e) فەرمووی: ((چی دەکەی لەو تەنها پۆشاکەت؟ تۆ لەبەری بکەیت هیچ بۆ ئەو نابێت، ئەویش لەبەری بکات هیچیبۆ تۆ نابێت)) کابرا دانیشت، دانیشتنەکەی درێژەی کێشا، ئینجا هەستا، پێغەمبەری خوا بینی کابرا ڕۆیشت، فەرمانی دا بانگکرایەوە، کە هاتەوە، پێی فەرموو: ((چەندە قورئانت لەبەرە)) وتی": فلاّنە سورەت و فلاّنە سورەت. ژمارەی کردن. فەرمووی: ((لەبەر دەیانخوێنیت؟)) وتی: بەڵێ. فەرموی: ((بڕۆ ئەوە لێم مارەکردیت بەو ئەندازە قورئانەی لەبەرتە)).

## ( 14 ) سەبارەت بە ئایەتی
## ﴿ترجي من تشاء منهن..﴾

805 ـعَنْ عَائِشَةَ ( y ) قَالَتْ: كُنْتُ أَغَارُ عَلَى اللَّاتِي وَهَبْنَ أَنْفُسَهُنَّ لِرَسُولِ اللَّهِ ( e )، وَأَقُولُ: [وَتَهَبُ الْمَرْأَةُ نَفْسَهَا؟ فَلَمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَنْ تَشَاءُ وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ﴾ [الأحزاب: 51]. قَالَتْ: قُلْتُ: وَاللَّهِ مَا أَرَى رَبَّكَ إِلَّا يُسَارِعُ لَكَ فِي هَوَاكَ. [بخاري/ التفسير/ 4510]

(عائشه)( t ) دەڵێ: من ئیرەیم دەبرد کە هەندێ ئافرەت خۆیان دەبەخشی بە پێغەمبەر ( e )، دەموت: ئایا دەشێ ئافرەت خۆی ببەخشێ؟ کە خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە دەڵێ: بە پێغەمبەرم وت:وادێنە بەرچاوم کە پەروەردگارت بە دڵی تۆ دەکات.

## ( 15 ) ژن گواستنەوە لە مانگی شەوالدا

806ـ عَنْ عَائِشَةَ ( t ) قَالَتْ: تَزَوَّجَنِي رَسُولُ اللَّهِ ( e ) فِي شَوَّالٍ، وَبَنَى بِي فِي شَوَّالٍ، فَأَيُّ نِسَاءِ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) كَانَ أَحْظَى عِنْدَهُ مِنِّي؟ قَالَ: وَكَانَتْ عَائِشَةُ تَسْتَحِبُّ أَنْ تُدْخِلَ نِسَاءَهَا فِي شَوَّالٍ.

(عائشه)( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) منی لە مانگی (شەوال)دا مارەکرد و هەر لە مانگی (شەوال)یشدا گواستمیەوە، چ ژنێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر ( e ) لەمن خۆشبەختتر بووە؟ (ڕاوی) دەڵێ: (عائشه)( t ) حەزی دەکرد ئافرەتانی خزمی لە مانگی (شەوال)دا بگوێزرێنەوە.

## ( 16 ) نانی شایی

807ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ ( t ) قَالَ: مَا أَوْلَمَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) عَلَى امْرَأَةٍ مِنْ نِسَائِهِ أَكْثَرَ أَوْ أَفْضَلَ مِمَّا أَوْلَمَ عَلَى زَيْنَبَ. فَقَالَ ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ: بِمَا أَوْلَمَ؟ قَالَ: أَطْعَمَهُمْ خُبْزًا وَلَحْمًا حَتَّى تَرَكُوهُ)). [بخاري/ النكاح/ 4868، 4873]

(أنس ی کوڕی مالك)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) بۆ هیچ ژنێکی بە ئەندازەی (زەینەب)نانی شایی ئامادەنەکردبوو، (ثابت البناني) بە (أنس)ی وت: نانە شاییەکەی (زینب)چی بوو؟ (أنس) وتی: نانی شاییەکە نان و گۆشت بوو، خەڵکی ئەوەندەیان خوارد تا لێیان مایەوە.

808ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ( t ) قَالَ: تَزَوَّجَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) فَدَخَلَ بِأَهْلِهِ، قَالَ: فَصَنَعَتْ أُمِّي أُمُّ سُلَيْمٍ حَيْسًا، فَجَعَلَتْهُ فِي تَوْرٍ، فَقَالَتْ: يَا أَنَسُ اذْهَبْ بِهَذَا إِلَى

رَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَقُلْ: بَعَثَتْ بِهَذَا إِلَيْكَ أُمِّي وَهِيَ تُقْرِئُكَ السَّلَامَ، وَتَقُولُ: إِنَّ هَذَا لَكَ مِنَّا قَلِيلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَذَهَبْتُ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَقُلْتُ: إِنَّ أُمِّي تُقْرِئُكَ السَّلَامَ، وَتَقُولُ إِنَّ هَذَا لَكَ مِنَّا قَلِيلٌ [يَا رَسُولَ اللَّهِ]. فَقَالَ: ((ضَعْهُ)). ثُمَّ قَالَ: اذْهَبْ فَادْعُ لِي فُلَانًا وَفُلَانًا وَفُلَانًا وَمَنْ لَقِيتَ)). وَسَمَّى رِجَالًا، قَالَ: فَدَعَوْتُ مَنْ سَمَّى وَمَنْ لَقِيتُ. قَالَ: قُلْتُ لِأَنَسٍ: عَدَدَ كَمْ كَانُوا؟ قَالَ: زُهَاءَ ثَلَاثِ مِائَةٍ، وَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((يَا أَنَسُ هَاتِ التَّوْرَ)). قَالَ: فَدَخَلُوا حَتَّى امْتَلَأَتِ الصُّفَّةُ وَالْحُجْرَةُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((لِيَتَحَلَّقْ عَشَرَةٌ عَشَرَةٌ، وَلْيَأْكُلْ كُلُّ إِنْسَانٍ مِمَّا يَلِيهِ)). قَالَ: فَأَكَلُوا حَتَّى شَبِعُوا، قَالَ: فَخَرَجَتْ طَائِفَةٌ وَدَخَلَتْ طَائِفَةٌ حَتَّى أَكَلُوا كُلُّهُمْ، فَقَالَ لِي: ((يَا أَنَسُ ارْفَعْ)). قَالَ: فَرَفَعْتُ، فَمَا أَدْرِي حِينَ وَضَعْتُ كَانَ أَكْثَرَ أَمْ حِينَ رَفَعْتُ؟ قَالَ: وَجَلَسَ طَوَائِفُ مِنْهُمْ يَتَحَدَّثُونَ فِي بَيْتِ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) وَرَسُولُ اللَّهِ ( e ) جَالِسٌ، وَزَوْجَتُهُ مُوَلِّيَةٌ وَجْهَهَا إِلَى الْحَائِطِ. فَثَقُلُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ( e )، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) فَسَلَّمَ عَلَى نِسَائِهِ ثُمَّ رَجَعَ، فَلَمَّا رَأَوْا رَسُولَ اللَّهِ ( e ) قَدْ رَجَعَ ظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ ثَقُلُوا عَلَيْهِ، قَالَ: فَابْتَدَرُوا الْبَابَ فَخَرَجُوا كُلُّهُمْ، وَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) حَتَّى أَرْخَى السِّتْرَ، وَدَخَلَ وَأَنَا جَالِسٌ فِي الْحُجْرَةِ، فَلَمْ يَلْبَثْ إِلَّا يَسِيرًا حَتَّى خَرَجَ عَلَيَّ وَأُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) وَقَرَأَهُنَّ عَلَى النَّاسِ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ [الأحزاب: 53]. قَالَ الْجَعْدُ: قَالَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ: أَنَا أَحْدَثُ النَّاسِ عَهْدًا بِهَذِهِ الْآيَاتِ، وَحُجِبْنَ نِسَاءُ النَّبِيِّ ( e ).[بخاري/ النكاح/ 4868، 4873]

(أنس ی کوڕی مالك) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) ژنی گواستەوە، دەڵێ: (أم سليم)ی دایکم حەڵوای دروست کرد و کردیەقازانێکی گەورەی مسەوە و پێی‌وتم: (أنس)ئەم حەڵوایە ببە بۆ پێغەمبەری خوا ( e ) و پێی بڵێ دایکم ئەمەی بۆ ناردویت و سڵاویشی لێدەکردی، و دەیوت: ئەمە بۆ بەڕێزتان لەلایەن ئێمەوە، شتێکی کەمیشە، منیش بردم بۆ خزمەت پێغەمبەر ( e ) پێم وت: دایکم سڵاوت لێدەکات و دەڵێ: ئەمە بۆ بەڕێزتان لە ئێمەوە ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) کەمیشە، فەرموی: ((داینێ)) پاشان فەرموی: ((بڕۆ، فلانە کەس و فلان و فلان و هەرکەسێکی ترت پێگەیشت بانگیان بکە)) ناوی چەند پیاوێکی

تریشی برد، دەڵێ: ئەوانەی ناوی بردن و هەرکەسێکی تریش پێم گەیشت بانگم کرد، (ڕاوی) دەڵێ: پرسیم لە (أنس): ژمارەیان چەند کەس بوو؟ وتی: نزیکەی سێسەد کەس، پێغەمبەر ( e ) فەرموی: ((ئەی (أنس)قازانە گەورەکە بێنە)). خەڵکە چوونە ژوورەوە تا هەیوانی مزگەوت و ژوورەوەش پڕبوون، پێغەمبەر ( e ) فەرموی: ((ئادەی دە کەس دە کەس ئەڵقە ببەستن با هەرکەسی لە لای خۆیەوە بخوات)). ئیتر هەموویان نانیان خوارد هەتا تێر بوون، کۆمەڵێ دەچوونە ژوورەوە و کۆمەڵێ دەهاتنە دەرەوە، هەتا هەموویان تێر بون، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((ئادەی (أنس) قازانەکە لا ببە)). (أنس) دەڵێ: قازانەکەم لابرد نەمدەزانی ئەو کاتەی دامنا زۆرتری تێدابوو یان ئەو کاتەی هەڵمگرت؟ دەڵێ: چەند کەسێکیان لەماڵی پێغەمبەردا مانەوە و، دەستیان کرد بە قسەکردن.. پێغەمبەریش دانیشتبوو، هاوسەرەکەشی ڕووی کردبووە دیوارەکە، ئەو حاڵەیان گران بوو لەسەر دڵی پێغەمبەر ( e ). پێغەمبەری خوا ( e ) سڵاوی لەخێزانەکانی کردو گەڕایەوە هەستیان کرد لەسەردڵی قورس بوو، (أنس) دەڵێ: بەخێرایی ڕوویان کردە دەرگاکە و هەموویان چوونە دەرەوە، پێغەمبەریش ( e ) هات و پەردەکەی دادایەوە، هاتە ژوورەوە. من لە ژوورێکدا دانیشتبووم، زۆری پێنەچوو تەشریفی هاتە دەرەوە. لای من بوو ئەم ئایەتە نازڵ بوو، پێغەمبەری خوا ( e ) چووە دەرەوە و ئایەتەکەی خوێندەوە بۆ خەڵکەکە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئەی گرۆی ئیمانداران، مەڕۆنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە ( e ) مەگەر مۆڵەتتان پێ بدرێ بۆ نان خواردنێك، بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بن، بەڵام ئەگەر بانگهێشت کران بڕۆنە ژوورەوە ئەگەر نانتان خوارد بڵاوەی لێبکەن و بەدیار قسەو باسەوە دامەنیشن، چونکە ئەو کارەتان ئازاری دڵی پێغەمبەر ( e ) دەدات جا شەرمیشتان لێدەکات، بەڵام خوا شەرم لە حەق و ڕەوا ناکات، ئەگەر داوای کەل و پەلیشتان لە هاوسەرانی پێغەمبەر کرد ئەوە لە پشتی پەردەوە داوای بکەن...﴾.

### ( 17 ) بەدەمەوە چوونی دەعوەتی زەماوەند

809ـ عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ ( t ) كَانَ يَقُولُ عَنِ النَّبِيِّ ( e ): ((إِذَا دَعَا أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُجِبْ، عُرْسًا كَانَ أَوْ نَحْوَهُ)). [البخاري/ النكاح/ 4884]

(نافع) دەڵـێ: (أبـن عمـر) ( t ) لەپێغەمبـەرەوە دەگێڕێتـەوە کـە دەیفـەرموو: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە بانگهێشتی براکەی کرد بۆ شایی یان بۆ هەر بۆنەیەکی لەوبابەتە دەبێت بچێت بەدەمیەوە)).

810ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّـهِ ( e ): ((إِذَا دُعِـيَ أَحَـدُكُمْ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِّ، وَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَطْعَمْ)).

(أبـو هريـره)( t ) دەڵـێ: پێغەمبـەر ( e ) فـەرمووی: ((ئەگـەر یـەکێ لـە ئێـوە دەعـوەت کـرا بـابڕوات بەدەمیـەوە، ئەگـەر بـەڕۆژوو بـوو نوێـژ بکـات، ئەگـەر بەڕۆژووش نەبوو با نان بخوات)).

811ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) قَالَ: ((شَرُّ الطَّعَامِ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ، يُمْنَعُهَا مَنْ يَأْتِيهَا، وَيُدْعَى إِلَيْهَا مَنْ يَأْبَاهَا، وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ)). [بخاري/ النكاح/ 4882]

(أبــو هريــره)( t ) دەڵــێ: پێغەمبــەر ( e ) فــەرمووی: ((خــراپترین خــۆراك خـۆراکی شـایییە ئـەوەی کـە دێـت بـانگ ناکرێـت و ئـەوەی کـە نایـەت بـانگ دەکرێت ، هەرکەس وەڵامی ئەو دەعوەتانە نەداتـەوە ، ئـەوە لـە خـوا و پێغەمبـەر یاخی بووە))[1].

## ( 18 ) ئەوەی لەکاتی تێکەڵی ژن و مێرددا دەوترێ

812ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((لَوْ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا، فَإِنَّهُ إِنْ يُقَدَّرْ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا)). [بخاري/ النكاح/ 4870]

(ابـن عبـاس)( t ) دەڵـێ: پێغەمبـەر ( e ) فەرموی: ((ئەگـەر یـەکێ لـەکاتی دروســت بــوون لەگــەڵ هاوســەرەکەیدا بڵــێ: بــسم الله، خوایــە شــەیتانمان لێدووربخـەرەوە و، لەنەوەکانیـشمان بـەدوری بگـرە، ئەگـەر لـەو شـەوەدا خـودا هەر منداڵێکیان پێ ببخەشێ هەرگیز شەیتان زیانی پێناگەیەنێت.

[1] مەبەست ئەوەیە زۆربەی کات لەو دەعوەتانـەدا دەوڵەمەنـدان دەعـوەت دەکرێن و هـەژاران فەرامۆش دەکرێن.

## ( 19 )سەبارەت بە ئایەتی ﴿نساؤكم حرث لكم﴾

813ـ عَنِ ابْنِ الْمُنْكَدِرِ: سَمِعَ جَابِرًا ( t ) يَقُولُ: كَانَتِ الْيَهُودُ تَقُولُ: إِذَا أَتَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ مِنْ دُبُرِهَا فِي قُبُلِهَا كَانَ الْوَلَدُ أَحْوَلَ، فَنَزَلَتْ: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ [البقرة: 223]. [بخاري/ التفسير/ 4254]

(أبن المنكدر) لە جابری بیستووە کە دەیوت: جولەکەکان دەیانوت: ئەگەر پیاو لە ڕووی دواوە لە شوێنی مناڵەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دروست بوو مناڵەکەیان خێل دەردەچێت، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ژنەکانتان کێڵگەی تۆوەکانی ئێوەن، بەهەر چۆنێك دەتانەوێ بڕۆنە لایان ﴾ [چۆنیەتیەکە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لە شوێنی مناڵەوە بێت].

## ( 20 ) ئەو ژنەی لە جێگادا خۆی نادا بەدەستەوە

814ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ، فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا، لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ)). [بخاري/ بدء الخلق/ 3065]

(أبو هريره)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((ئەگەر مێرد داوای سەرجێگەیی لە ژنەکەی کرد و ئەویش ملی نەدا، مێرد بە توڕەییەوە سەری نایەوە، فریشتەکان تا بەرەبەیان نەفرین لەو ئافرەتە دەکەن)).

## ( 21 ) درکاندنی نهێنی ژن

815ـ عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ الرَّجُلَ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ وَتُفْضِي إِلَيْهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا)).

(أبو سعيد الخدری)( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمویەتی: ((خراپترین کەس لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەیە کە سەرجێیی دەکات لەگەڵ خێزانیدا و دوایی نهێنیەکانی بڵاودەکاتەوە)).

## ( 22 ) دەربارەی پۆشینی گوناهی بەندە و ئاشکراکردنی لەلایەن خۆیەوە

816ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((كُلُّ أُمَّتِي مُعَافَاةٌ إِلَّا الْمُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ الْإِجْهَارِ أَنْ يَعْمَلَ الْعَبْدُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا، ثُمَّ يُصْبِحُ قَدْ سَتَرَهُ رَبُّهُ ( U )، فَيَقُولُ: يَا فُلَانُ قَدْ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، فَيَبِيتُ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ)).

(أبو هريرە)( t ) دەڵێ: بیستم لە پێغەمبەرەوە ( e ) دەیفەرموو: ((هەموو ئوممەتم بەخشراون جگە لەوانەی [گوناه] ئاشکرا دەکەن. بەڕاستی ئەوە لە گوناه دەرخستنە کە کەسێك لەشەودا تاوانێك ئەنجام بداو، کە ڕۆژ دەبێتەوە پەروەردگاری پۆشیویەتی، بەڵام خۆی ئاشکرای ئەکاو ئەڵێ: فلان کەس! دوێنێ واو وامکرد، لەکاتێکدا شەو خوا پۆشیویەتی و بەردەوامیش ئەیپۆشێ، کەچی خۆی کە ڕۆژ بویەوە ئەوەی خوا پۆشیویەتی دەری دەخات)).

## ( 23 )کاری [عزل] لەسەر جێیدا

**عـزل:** مانای گرتنەوەی مەنی‌یە لەکاتی جوت بووندا بۆ ئەوەی نەڕژێتە منداڵدانیەوە.

817ـ عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ( t ) قَالَ: ذُكِرَ الْعَزْلُ عِنْدَ النَّبِيِّ ( e ) فَقَالَ: ((وَمَا ذَاكُمْ)). قَالُوا: الرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْمَرْأَةُ تُرْضِعُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. وَالرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْأَمَةُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. قَالَ: ((فَلَا عَلَيْكُمْ أَنْ لَا تَفْعَلُوا ذَاكُمْ، فَإِنَّمَا هُوَ الْقَدَرُ)). قَالَ ابْنُ عَوْنٍ: فَحَدَّثْتُ بِهِ الْحَسَنَ فَقَالَ: وَاللَّهِ لَكَأَنَّ هَذَا زَجْرٌ. [بخاري/ المغازي/ 3907]

(أبو سعيد الخدری)( t ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ( e ) باسی (عزل)کرا، فەرموی: ((مەبەستتان لەو (عزل)ە چی‌یە؟ وتیان: جاری وا هەیە پیاو ژنی شیردەری هەیە کە دەچێتە لای نایەوێ سکی تر بکات، یان پیاوێك کەنیزەکێکی هەیە و دەچێتەلای حەزناکات سکی لێی پڕبێت. فەرمووی: ((هیچتان بۆنابێ گەر وانەکەن چونکە ئەوە قەزاو قەدەرە)) (أبن عون)دەڵێ: ئەمەم بۆ حەسەن باسکرد. وتی: بەخوا پێ‌دەچێ بۆ سەرزەنشت بێت.

818ـ عَنْ جَابِرٍ [بْنِ عَبْدِ اللَّهِ] ( t ) قَالَ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ ( e ) فَقَالَ: ((إِنَّ عِنْدِي جَارِيَةً لِي، وَأَنَا أَعْزِلُ عَنْهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِنَّ ذَلِكَ لَنْ يَمْنَعَ شَيْئًا أَرَادَهُ اللَّهُ)). قَالَ: فَجَاءَ الرَّجُلُ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْجَارِيَةَ الَّتِي كُنْتُ ذَكَرْتُهَا لَكَ حَمَلَتْ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((أَنَا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)).

(جابری کوڕی عبدالله)( t ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ( e ) وتی: من کەنیزەکێکم هەیە (عزل)ی لەگەڵ دەکەم [بۆ ئەوەی منداڵمان نەبێت]، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((ئەوە ڕێ لەوشتەناگریت کە خوا ویستی لەسەر بێت)) جابر دەڵێ: کابرا هاتەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ( e )کەنیزەکەی

بۆم باس کردی دووگیانە، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((من بەندە و پێغەمبەری خوام)).

## ( 24 ) دەربارەی نزیکی لەگەڵ ئافرەتی شیردەر یا شیردەری دووگیان

819ـ عَنْ جُدَامَةَ بِنْتِ وَهْبٍ [الأسَدِيَّة] أُخْتِ عُكَّاشَةَ ( y ) قَالَتْ: حَضَرْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) فِي أُنَاسٍ وَهُوَ يَقُولُ: ((لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَنْهَى عَنِ الْغِيلَةِ، فَنَظَرْتُ فِي الرُّومِ وَفَارِسَ فَإِذَا هُمْ يُغِيلُونَ أَوْلَادَهُمْ، فَلَا يَضُرُّ أَوْلَادَهُمْ ذَلِكَ شَيْئًا)). ثُمَّ سَأَلُوهُ عَنِ الْعَزْلِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((ذَلِكَ الْوَأْدُ الْخَفِيُّ)).

لە(جذامة)ی کچی (وهب)ی (اسدی)یەوە کە خوشکی (عکاشە)یە ( t ) وتی: لەکاتێکدا ئامادەی لای پێغەمبەر بووم، کەلەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکدا بوو، ئەیفەرموو: ((بەتەمابووم ڕێگری لە (غیلة)[1] بکەم، کەچی دەبینم فارس و ڕۆمەکان (غیلة)ش دەکەن و زیانیش ناگەیەنێ بە منداڵەکانیان)). پاشان لەبارەی (عزل)ەوە پرسیاریان لە پێغەمبەر ( e ) کرد، فەرمووی: ((بەڕاستی (عزل) جۆرە زیندەبەچاڵ کردنێکی پەنامەکی‌یە)).

## ( 25 ) سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتی دووگیانی دیلدا

820ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ): [أَنَّهُ] أَتَى بِامْرَأَةٍ مُجِحٍّ عَلَى بَابِ فُسْطَاطٍ، فَقَالَ: ((لَعَلَّهُ يُرِيدُ أَنْ يُلِمَّ بِهَا)). فَقَالُوا: نَعَمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَلْعَنَهُ لَعْنًا يَدْخُلُ مَعَهُ قَبْرَهُ، كَيْفَ يُوَرِّثُهُ وَهُوَ لَا يَحِلُّ لَهُ؟ كَيْفَ يَسْتَخْدِمُهُ وَهُوَ لَا يَحِلُّ لَهُ)).

(أبو درداء) ( t ) دەڵێ: ئافرەتێکی دووگیانیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر ( e ) لەبەردەرکی ڕەشماڵێکدا فەرمووی: ((وادیارە ویستویەتی سەرجێیی لەگەڵ بکات)). وتیان: بەڵێ، پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((خەریك بوو نەفرینێك لەو کابرایە بکەم کە لەگەڵیا بچێتە گۆڕەوە، چۆن ئەو سکە دەکاتە میراتبەری خۆی لەکاتێکدا ئەو میراتە بۆ ئەو حەڵاڵ نیە، یان چۆن ئەو سکە دەکاتە بەندە و خزمەتکاری خۆی لەکاتێکدا بۆی حەڵاڵ نیە)). [واتە: دەگونجێ منداڵەکە

---

[1] (غیلة) ئەوەیە پیاو بچێتە لای هاوسەرەکەی لەکاتی منداڵبەریدا، هەندێکیش دەڵێن: بە ئافرەتی دووگیان دەوترێت کە شیر بدات بە منداڵ.

لەخۆی نەبێ و ئەم کابرایە بەهی خۆی بزانێ، یاخود منداڵی خۆی بێت و ئەم بە بەندەی بزانێت، [بڕوانە شەرحی ئیمامی نەوەوی لەسەر ئەم فەرموودەیە].

821ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَوْمَ حُنَيْنٍ بَعَثَ جَيْشًا إِلَى أَوْطَاسَ فَلَقُوا عَدُوًّا، فَقَاتَلُوهُمْ فَظَهَرُوا عَلَيْهِمْ، وَأَصَابُوا لَهُمْ سَبَايَا، فَكَأَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) تَحَرَّجُوا مِنْ غِشْيَانِهِنَّ، مِنْ أَجْلِ أَزْوَاجِهِنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي ذَلِكَ: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ [النساء: 24] أَيْ فَهُنَّ لَكُمْ حَلَالٌ إِذَا انْقَضَتْ عِدَّتُهُنَّ.

(أبو سعيد الخدری)( t ) دەڵێ: لە ڕۆژی جەنگی (حنين)دا پێغەمبەری خوا ( e ) سوپایەکی نارد بۆ (أوطاس)، لەوێ بە دوژمن گەیشتن، شەڕیان لەگەڵدا کردن و بەسەریاندا زاڵ بوون، چەندین ژنیان لێ بەدیل گرتن، چەند کەسێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ( e ) بە گوناهیان دەزانی بچنە لایان، لەبەر ئەوەی مێردی موشریکیان هەبوو، خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیتی: ﴿هەمو ژنانی هاوسەردار بۆ ئێوە حەرامن، مەگەر کەنیزک﴾ [واتە ئەوانە پاش تێپەڕبوونی عیددەیان بۆتان حەڵاڵ دەبن].

## (26) شەو مانەوە لای (کچ) و بێوەژن

822ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (y): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) لَمَّا تَزَوَّجَ أُمَّ سَلَمَةَ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثًا، وَقَالَ: ((إِنَّهُ لَيْسَ بِكِ عَلَى أَهْلِكِ هَوَانٌ، إِنْ شِئْتِ سَبَّعْتُ لَكِ، وَإِنْ سَبَّعْتُ لَكِ سَبَّعْتُ لِنِسَائِي)).

(أم سلمه)(y) دەگێڕێتەوە: کاتێ پێغەمبەر ( e ) خواستی و گوێزایەوە سێ شەو لای مایەوە و، پێی فەرموو: ((تۆ لای مێردەکەت کەم نرخ نیت، گەر دەتەوێ بۆت دەکەم بە حەوت شەو، گەر بۆ تۆم کرد بە حەوت بۆ ژنەکانی تریشم دەیکەم بە حەوت)).

823ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ( t ) قَالَ: إِذَا تَزَوَّجَ الْبِكْرَ عَلَى الثَّيِّبِ أَقَامَ عِنْدَهَا سَبْعًا، وَإِذَا تَزَوَّجَ الثَّيِّبَ عَلَى الْبِكْرِ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثًا. قَالَ خَالِدٌ: وَلَوْ قُلْتُ إِنَّهُ رَفَعَهُ لَصَدَقْتُ، وَلَكِنَّهُ قَالَ: السُّنَّةُ كَذَلِكَ. [بخاري/ النكاح/ 4961]

(أنس)( t ) دەڵێ: ئەگەر کچی مارە بکردایە بەسەر بێوەژندا حەوت شەو لای دەمایەوە (خالد کە یەکێکە لە ڕاویەکان) دەڵێ: گەر بڵێم ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەرەوە ڕوایەت کردووە، ڕاست دەکەم، بەڵام ئەو وتی: سوننەت وایە.

824ـ عَنْ عَائِشَةَ ( t ) قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ امْرَأَةً أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَكُونَ فِي مِسْلَاخِهَا مِنْ سَوْدَةَ بِنْتِ زَمْعَةَ، مِنِ امْرَأَةٍ فِيهَا حِدَّةٌ، قَالَتْ: فَلَمَّا كَبِرَتْ جَعَلَتْ يَوْمَهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) لِعَائِشَةَ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ جَعَلْتُ يَوْمِي مِنْكَ لِعَائِشَةَ، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) يَقْسِمُ لِعَائِشَةَ يَوْمَيْنِ، يَوْمَهَا وَيَوْمَ سَوْدَةَ.

(عائشه)( t ) دەڵێ: هیچ ژنێکم نەدیوە بەدڵ حەزبکەم وەکو ئەو وابم بە ئەندازەی (سودە ی کچی زمعة)، ژنێکی ئازاو دەرون قایم بوو، کە چوو بەساڵدا نۆرەکەی خۆی بەخشی بە (عائشه) دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ( e ) دوو شەو لای (عائشه) دەمایەوە، شەوەکەی خۆی و شەوەکەی (سودە)ش.

## ( 27 ) وازهێنان لەسەرەی هەندێ هاوسەر

825ـ عن عَطَاءٌ قَالَ: حَضَرْنَا مَعَ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ) جَنَازَةَ مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ( e ) بِسَرِفَ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: هَذِهِ زَوْجُ النَّبِيِّ ( e )، فَإِذَا رَفَعْتُمْ نَعْشَهَا فَلَا تُزَعْزِعُوا وَلَا تُزَلْزِلُوا وَارْفُقُوا، فَإِنَّهُ كَانَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) تِسْعٌ، فَكَانَ يَقْسِمُ لِثَمَانٍ وَلَا يَقْسِمُ لِوَاحِدَةٍ. قَالَ عَطَاءٌ: الَّتِي لَا يَقْسِمُ لَهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيِّ بْنِ أَخْطَبَ. [بخاري/ النكاح/ 4780]

(عطاء)دەڵێ: لەگەڵ (ابن عباس)دا ( t ) لەناوچەی (سَرِف) –کە شوێنێکە لە دەرەوەی (مەککە)– ئامادەی تەرمی (میمونە)ی هاوسەری پێغەمبەر بووین ( e ). (أبن عباس)( t ) وتی: ئەمە هاوسەری پێغەمبەرە ( e ) کاتێ تەرمەکەیتان بەرزکردەوە بە هێمنی لەسەرخۆ بیبەن، پێغەمبەر ( e ) نۆ هاوسەری هەبوو، سەرەبەشیدەدا بە هەشتیان و نەیدەدا بە یەکێکیان. (عطاء) دەڵێ: ئەو یەکەیان کەسەرەی نەبوو، (صفیەی کچی حییی کوڕی أخطب)بوو. [بەڵام زانایان ئەڵێن: ئەمە گومانە و ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر (سودە)بووە کە خۆی وازی لەسەرە بەشی خۆی هێناوە بۆ عائشه ( t )].

## ( 28 ) لەگەڵ ژن دا هەڵکردن و ڕاسپاردە لەبارەیانەوە

826ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) قَالَ: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَإِذَا شَهِدَ أَمْرًا فَلْيَتَكَلَّمْ بِخَيْرٍ أَوْ لِيَسْكُتْ. وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، إِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ، اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا)). [بخاري/ النكاح/ 3890]

(أبو هريرة)( t ) دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە ( e ) کەفەرموویەتی: ((هەرکەسێ باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، هەرشتێکی بینی یان چاك بڵێت یان بێدەنگ بێت، ئامۆژگاری وەرگرن و چاك بن لەگەڵ ژنان، چونکە لەپەراسوو دروست کراون، لارترین بەشی پەراسووش لای سەرەوەیەتی، ئەگەر هەوڵی ڕاست کردنەوەی بدەیت دەیشکێنیت، ئەگەر وازیشی لێبهێنیت بەلاری دەمێنێتەوە، ئامۆژگاری چاکەم وەربگرن دەربارەی ژنان.

## (29) باهیچ پیاوێکی ئیماندار هاوسەرە ئیماندارەکەی نەبوغزێنێ

827ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) أَوْ قَالَ: ((غَيْرَهُ)).

(أبو هريره) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((باهیچ پیاوێکی ئیماندار هاوسەرە ئیماندارەکەی نەبوغزێنێ، چونکە ئەگەر ڕەوشتێکی ئەوی بەدڵ نەبێ، شتێکی تری هەر بەدڵ دەبێت)).

## (30) هەرپیاوێك لەسەفەر هاتەوە با خێرا خۆی نەکاتەوە بەماڵدا تا هاوسەرەکەی خۆی بۆ ڕێك دەخات

828ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ( t ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) فِي غَزَاةٍ، فَلَمَّا أَقْبَلْنَا تَعَجَّلْتُ عَلَى بَعِيرٍ لِي قَطُوفٍ، فَلَحِقَنِي رَاكِبٌ خَلْفِي فَنَخَسَ بَعِيرِي بِعَنَزَةٍ كَانَتْ مَعَهُ، فَانْطَلَقَ بَعِيرِي كَأَجْوَدِ مَا أَنْتَ رَاءٍ مِنَ الْإِبِلِ، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا أَنَا بِرَسُولِ اللَّهِ ( e ). فَقَالَ: ((مَا يُعْجِلُكَ يَا جَابِرُ)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي حَدِيثُ عَهْدٍ بِعُرْسٍ، فَقَالَ: ((أَبِكْرًا تَزَوَّجْتَهَا أَمْ ثَيِّبًا)). قَالَ: قُلْتُ: بَلْ ثَيِّبًا. قَالَ: ((هَلَّا جَارِيَةً تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُكَ)). قَالَ: فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، ذَهَبْنَا لِنَدْخُلَ فَقَالَ: ((أَمْهِلُوا حَتَّى نَدْخُلَ لَيْلًا -أَيْ عِشَاءً- كَيْ تَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ، وَتَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ)). قَالَ: وَقَالَ: ((إِذَا قَدِمْتَ فَالْكَيْسَ الْكَيْسَ)). [بخاري/ النكاح/ 4947]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) ( t ) دەڵێ: لەغەزایەکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووم ( e )، بە سواری وشترێکی خاوەوە، کاتێ نزیك بووینەوە پەلەم دەکرد، سوارێك لەدواوە پێم گەیشت و بە نەقیزەیەك ژەندی لە وشترەکەمەوە، ئیتر وشترەکەم کەوتە غار، وەکو چاکترین وشترکە تۆ دیبێتت، کەلام کردەوە پێغەمبەر بوو ( e )، فەرمووی: ((پەلەت چی‌یە ئەی (جابر)؟ وتم: ئەی پێغەمبەر! تازە ژنم گواستۆتەوە، فەرمووی: ((کچەیان بێوەژن؟)) وتم: بێوە ژنە.

-پێغەمبەری خوا فەرموی: ((نەدەكرا كچێك بێنیت پێكەوە گەمە و گاڵتە بكەن)) كە گەیشتینەوە ناو مەدینە، ویستمان بڕۆین بەرەوماڵ، فەرمووی: ((بوەستن تاشەو، ئەوسا دەچینە ماڵەوە، هەتا ژنە قژگژوبژەكان پرچیان شانەدەكەن و خۆیان ساز و ئامادە دەكەن- ئینجا فەرمووی: ((كاتێ گەیشتن ژیرانە و لەسەر خۆ بچنە ماڵەوە)).

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com